قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو دەجەنگن دژی تورک: چاو بچوک، ودەموچاویان سوور، ولووتیان بچووک وپانە، دەموچاویان وەکو قەڵغانی کوتراو وایە، وقیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو دەجەنگن دژی خەڵکانێک پێڵاوەکانیان لە موو دروستکراوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو دەجەنگن دژی تورک: چاو بچوک، ودەموچاویان سوور، ولووتیان بچووک وپانە، دەموچاویان وەکو قەڵغانی کوتراو وایە، وقیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو دەجەنگن دژی خەڵکانێک پێڵاوەکانیان لە موو دروستکراوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو مسوڵمانان دەجەنگن دژی تورک، ولە سیفەتەکانیان: چاو بچوک، ودەموچاویان سپیە وسووری تێکەڵە، ولووتیان بچووک وپانە، دەموچاویان وەکو قەڵغان پان وخڕە، دەڵێی قەڵغانە کوتراوە چونکە زۆر چڕە وگۆشتی پێوەیە، وقیامەت هەڵناسێت هەتاوەکو مسوڵمانان دەجەنگن دژی خەڵکانێک پێڵاوەکانیان لە موو دروستکراوە، ئەمیش هەر تورکەکان دەگرێتەوە بەڵام سیفەتێکی تریانی باسکرد، وەبەست لە تورک ڕەگەزی تورکە کە لە بنچینەدا لە ناوەڕاستی کیشوەری ئاسیا نیشتەجێ بوون پاش بە هەموو شێوێکی کیشوەری ئاسیادا بڵاوبوونەوە، نەک تەنها مەبەست تورکەکانی وڵاتی تورکیا بێت، وئێستا بە زۆری لەم وڵاتانەدا نیشتەجێن: چین، ڕووسیا، ئۆزبەکستان، تورکمانستان، ئەفغانستان، قرغیزستان، کازاخستان، ئازەربایجان، تورکیا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11222